

# وەرە با تێر تێر سەیرت کەم ...شاڵاو

با پەنجەم لە قژی لوولت
بئاڵێنم ... وەرە پێشێ
قژت پەنجەم ڕابکێشێ و
پەنجەم لە نێو قژی تۆدا بتوێتەوە
زۆر خۆشترە
نەوەک گوڵم ...مەرگ زوو لێم بێتە پێشێ و
دەست وپەنجەم
لە ڕەگەوە ... دەربکێشێ

وەرە با تێر تێر سەیرت کەم
هەتا چاوم وەک ئەستێرە پرشنگ داوێ
زۆر دەترسم چاوەکانم
وەکو چرای ماڵە هەژار  کز بسوتێ و
گزنگ ناوێ
بۆیە گوڵم هەموو شتێک با لەبیر کەین
وەرە با تێر تێر سەیرت کەم
چونکە دونیا هێندەی ناوێ ..

تۆ ئەی پەری
زۆر دەترسم تۆش هەڵوەری
هەتا زووە باوەشی خۆت
بۆم والا کە
دڵنیا نیم
کە ئەم حەزە شێتەی سەرم
بچێتە سەری ..